هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیـاری ئەنجومەنی وەزیـران

## ژمارە (٦٨) لە ٢٠٢٠/٧/٨

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمـوارکراو، و لەسـەر پێشـنیاری وەزارەتی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو، و لەبەر ڕۆشـنایی کۆنووسـی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٣) لە ٢٠٢٠/٧/٨ ، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسـەندکردنی پێشـنیاری پـڕۆژەی وەزارەتی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو بـۆ ڕێکخسـتنەوەی نەمامگەکانی وەزارەت بە ئاڕاستەی برەودان بەم نەمامگانە و گەشەپێدانیان.

٢. ڕاسپاردنی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ نوێکردنەوەی تۆماری گشت نەمامگەکان و کۆکردنەوەی زانیـاریی تەواو لەسـەر ئەم نەمامگانە و جەردکردنی شـوێن و ڕووبەر و موڵکییەتیـان، و دواتـر لە چوارچێـوەی هاوبەشـیی کەرتی گشـتی و کەرتی تـایبەت پەسـەندکراو لە کۆبـوونەوەی ئەنجـومەنی وەزیـران ژمـارە (٣٢) لە ٢٠٢٠/٧/١ بڕیاری پێویست سەبارەت بە وەبەرهێنان لەم نەمامگایانە بدرێت بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی وەك سەرچاوەیەکی نوێی داهات بۆ گەنجینەی گشتی.

٣. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران